# ئاكسیۆنێكی گەورە لەلایەن چالاكی مەدەنی كورد سلێمان چۆگوڵی یەوە، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی سەبارەت بە لەسێدارەدان و، پشتیوانی لە زندانییە سیاسی وكۆمەڵایەتییەكان لەئێران!




سلێمان چۆگوڵی چالاكی مەدەنی كورد **دانیشتووی ولاتی نۆروێژ، لەرۆژی 20 ی ژوئن (مانگی پووشپەڕ) كە رۆژی جیهانی پشتیوانی لەزندانیانی سیاسییە،** بەنیشانەی پشتیوانی لەزندانیانی سیاسی و چالاكانی كۆمەڵایەتیی لەئێران و، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی سەبارەت بە ئەنجامدانی حوكمی گوللەبارانكردنی بەردەوام و، بەمەبەستی پشتیوانی لەكاندیداتۆری **محەممەد سدیق كەبوودوەند سەرۆكی رێكخراوەی مافی مرۆڤی كوردستان** بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نۆبێل لەساڵی 2011، بریاریدا ئاكسیۆنێك لەشاری **ترۆندهایمی** نۆروێژەوە بۆ پەرلەمانی ئۆروپا لە برۆكسل بخاتەڕێ.

رێزدار سلێمان چۆگولی لەم ئاكسیۆنەیدا بە (دووچەرخە) لەماوەی مانگێكدا 2200 كیلۆمێتر رێگەدەبڕێت. ئامانجی لەم ئەكسیۆنە راكێشانی سەرنجی كۆمەڵگەی جیهانی و ولاتانی رۆژاوایە سەبارەت بەپرسی مافی مرۆڤ لەئێران.

گوێنەدان و هەست بەپەرپرسیارەتیی نەكردن لەلایەن زۆرینەی حكوومەتەكان و گەورەدەسەلاتدارانی جیهان لەبەرامبەر پێشێلكارییەكانی ئاشكرا و بەربلاوی مافی مرۆڤ لەئێران، كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامیی ئێرانی هێندەی دیكە سەرەڕۆ كردووە كە بەبێ هیچ ترس و سلكردنێك شالاوی گرتن و شكەنجە و داسەپاندنی حوكمی سێدارە و بەردەبارانكردن و تۆقاندنی خەڵك بەرێوەبەرن

ئێمە دەتوانین هاوڕێ و هاودەنگی هاواری كپكردووی زندانییەكانی سیاسی و مەدەنی بین وهاوار وداخوازیی رەوایان بەگوێی كۆمەڵگەی جیهانیی بگەیەنین و نەهێڵین لەمە زیاتر شەوەزەنگ و سووكایەتیی بەكەسایەتی و گەورەیی مرۆڤ بكرێت.

**بەپشتیوانیكردنمان لە كاندیداتۆری سدیق كەبوودوەند ، پارێزگاریی لەگیان و بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی زندانیانی سیاسی و مەدەنی لەئێران بكەین.**




کات و رێکەوتی دەسپێکی ئاکسیۆن:

رۆژی شەممە ١٨ی ژوئن ٢٠١١ دەمژمێر: ١٢ی نیوەرۆ بەکاتی ئۆرووپا

شوێنی دەسپێک: ناوەندی شاری ترۆندهایم (تورگە)

**سلێمان چۆگۆلی**

**رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد – ئۆرووپا** KMMK

**کومۆسیۆنی ئۆرووپای رێکخراوی بەرگری لەمافی مرۆڤی کوردستان** RMMK

**کەمپینی ٢٠ی ژوئن – رۆژی جیهانی پشتیوانی لەزندانیانی سیاسی** CFPPI

**کۆمەڵی ئاشتی کوردستان** KAK

**رێکخراوی کوردۆساید واچ (چاک)**

**رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵ)**

**رێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی** SOS RASISME

**کەمپینی پشتیوانی لە کاندیداتۆری سدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لەساڵی ٢٠١١**

**کۆمیتەی کارکردنی بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نۆبێل – کەبوودوەند نۆروێژ**

**کەمپینی بەرگری لەزندانیانی سیاسی و مەدەنی.**

**دەستەی راوێژکاریی پەنابەران – لەشاری ترۆندهایم**